ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## دانانی پەڕگە لێدەرێکی دەنگ و ڕەنگ لە نێو پەڕەدا.

نووسەر: Aso Naderi

@: Aso.Naderi@Gmail.Com

هەبوونی لێدەرێکی پەڕگەی دەنگی یان ڕەنگی هەندێك جار پێویستە بۆ کار ئاسانکردنەوە بۆ میوانی وێبگە و پێویست نەکردن بە بەکارهێنانی لێدەری دەرەکی. بەڵام لەوانیە لەبەر هۆی دروست ڕێکنەخستنی ئەو لێدەرە هەندێك جار کێشە بۆ میوانی وێبگە دروست بکات، بە تایبەت لە کاتێکدا کە لێدەر بە شێوەیەکی دەستبەجێ پاش هاتنەژوورەوەی میوان بۆ وێبگە پەڕگە لێبدات، ئەوەش دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی کردنەوەی پەڕە و هەندێك جار دەبێتە هۆی تێکشکانی وێبگەڕ.

لەم بابەتەدا چۆنیەتی دانانی لێدەری Windows Media Player شیدەکەمەوە، لەگەڵ چۆنیەتی ڕێکخستنی بە شێوەیەك کە کاریگەر نەبێ لەسەر خاوبوونەوەی کردنەوەی پەڕەکانی وێبگە.

پرۆگرامی Frontpage 2003 بکەوە، پاش بڕۆ بۆ لیستەی Insert و دواتر Web Component کرتە بکە، دەتوانی هەمان کار بە شێوەیەکی خێراتر جێبەجێ بکەیت ئەگەر کرتە لە ئایکۆنی Web Componenet بکەیت لەسەر تووڵی ئامرازەکان.




لەنێو ئەو پەنجەرەیەی کە دەکرێتەوە، Advanced Controls کرتە بکە، پاشان Active X Control لەبەشی دیکەی پەنجەرەکەدا.




بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.

لیستەیەك دەردەکەوێت بە هەموو ئەو Componentـانەی کە دەتوانرێ بەکار ببرێن، بەڵام باشتر وایە کرتە لەسەر Customize بکەیت و هەموو Componentـەکان دەربخەیت.

پاش کرتە کردنە سەر Customize پەنجەرەی هەڵبژاردنی Componentـەکان دەکرێتەوە،




دەتوانی هەموویان پێکەوە دەستنیشان بکەیت بۆ چالاك کردن، یان خۆت ئەوانەی دەتەوێ چالاکی بکەیت، هەڵی ببژێری.

لەوانەی کە دەبێ چالاك بکرێن، Windows Media Playerـە.

پاش هەڵبژاردن OK کرتە بکە بۆ گەڕانەوە بۆ پەنجەرەی تایبەت بە Componentـەکان.




Windows Media Player دەستنیشان بکە و Finish کرتە بکە.

پاشان دەبێنی کە لێدەرێکی چکۆلەی W M P لە پەڕەکەدا دەرکەوتووە.

پێویست دەکات سەرچاوەی پەڕگەیەکەی بۆ هەڵبژێری، دەتوانی پەڕگەیەك لەسەر دیسکی ڕەقی کۆمپیوتەرەکەی یان بەستەرێکی ئینتەرنێتی سەرچاوەکەی وەربگریت.

دووجار کرتە بکەسەر ئەو لێدەرە، پەنجەرەی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی لێدەر دەکرێتەوە.




لە بەشی General دا، لە بەشی Source دا سەرچاوەی پەڕگە دەنگی یان ڕەنگیەکەت هەڵبژێرە.

لەبەشی Controls Layout دەتوانی شێوازی دەرکەوتنی لێدەرەکە هەڵبژێری، بۆ نموونە هەموو دووگمە و کۆنترۆڵکەرەکانی لێدان دەرکەون یان نەخێر!.

وەك لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەم پێداوە کە لێدانی پەڕگە لەگەڵ کردنەوەی پەرەدا و لە یەك کاتدا هەڵەیە و دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی کردنەوەی پەرە، هەرچەند ئەوە لە زۆر وێبگەی کوردیدا باوە و قەت گرنگی پێنەدراوە، بۆ ناچالاك کردنی لێدانی خۆکار، دەتوانی خاڵی Auto Start ناچالاك بکەیت.

بەو شێوەیە لێدەری Windows Media Player ت بە پێی ویست و پێداویستی خۆت ڕێك خست، دەتوانی لە کۆتاییدا OK کرتە بکە و بگەڕێیتەوە پەرەی ئاسایی.

بۆ بینینی ئەنجامی کارەکەت Preview کرتە بکە.




کۆتایی.

Dec 2005 29

Make Your Donation Today

Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.

آگهی های سرویس عمومی گوگل

تبلیغات در این سایت